# دەنگی وەرچەرخانێك دێ!

21-06-2022

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** هێنری کسینجەر لەو رۆژانەی رابردوودا بە تایمزی گوتبوو کێشەی گەورە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئاسیاوە تووشی ئەورووپا و ئەمریکا دەبن. هەرچەند زۆر لەسەر ئەو قسەیە نەڕۆیشتبوو، بەڵام هەرچی بێ، خەریکە جارێکی دیکە ململانێی هێزەکان لێرە گوڕتر دەبن و، جموجۆڵێکی سیاسی و ئەمنی گرنگ لە ناوچەکەدا هەیە کە پێدەچێت، تەونی ئەو هاوپەیمانی و رکابەرییە تازانە بچنێت کە چەند ساڵێکە لێرە و لەوێ کاریان لەسەر دەکرێت. ئەم دۆخە تازەیە چۆنە و بە چ لەونێك کاریگەری لەسەر کوردستان دادەنێت؟

## بەرایی

هێنری کسینجەر لەو ڕۆژانەی رابردوودا بە تایمزی گوتبوو کێشەی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئاسیاوە تووشی ئەورووپا و ئەمریکا دەبن. هەرچەند زۆر لەسەر ئەو قسەیە نەڕۆیشتبوو، بەڵام هەرچی بێ، خەریکە جارێکی دیکە ململانێی هێزەکان لێرە گوڕتر دەبن و، جموجۆڵێکی سیاسی و ئەمنی گرنگ لە ناوچەکەدا هەیە کە پێدەچێت، تەونی ئەو هاوپەیمانی و ڕکابەرییە تازانە بچنێت کە چەند ساڵێکە لێرە و لەوێ کاریان لەسەر دەکرێت. ئەم دۆخە تازەیە چۆنە و بە چ لەونێك کاریگەری لەسەر کوردستان دادەنێت؟

بێشك کۆبوونەوەی ناتۆ لە کۆتاییەکانی ئەم مانگە، سەردانە چاوەڕوانکراوەکەی بایدن بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە مانگی داهاتوو، هەروەها چارەنووسی دانوستاندنە ئەتۆمییەکەی تاران، سی ڕووداوی گرنگن کە دەشێ بە وردی لێیان بڕوانین تا سەرەداوی گرنگمان پێبدەن لەسەر ئەو گۆڕانەی کە لە ناوچەکەدا هەیە.

## سێ کۆبوونەوەی گرنگ

سەرانی ناتۆ لە 29-30 ئەم مانگە لە مەدریدی پایتەختی ئیسپانیا کۆدەبنەوە[1] کە بڕیارە تێیدا دوورنیگای دە ساڵەی ئەو هاوپەیمانییە سەربازییە پەسند بکرێت. رایەدارانی ناتۆ ڕایانگەیاندووە کە دوای کۆنسێپتی 2010ی ئەوان، چەند پێشهاتێکی دیکەی وەك شەڕی ڕووسیا ـ ئۆکراینا، دەرکەوتنی داعش لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ڕکابەرییە ستراتیژییەکان دەرکەوتوون و، لەبەر ئەوەش پێویست بە کۆنسێپتێکی تازە هەیە. هەڵبەت لە دە ساڵی رابردوودا، هاوپەیمانیی ناتۆ دیمەنی هاوپەیمانییەکی تەواو یەکانگیری پیشاننەداوە. هەر لە گرژییەکانی تورکیا و باقی هاوپەیمانەکانەوە بگرە، هەتا ناکۆکیی ئیدارەی ترەمپ و وڵاتانی دیکە لەسەر تەرخانکردنی 2%ی GDP ی وڵاتان بۆ خەرجییەکانی ناتۆ، چەندین مژاری ناکۆکی هەبوون کە تاوەکو ئیستاش هەندێکیان ماون و، لەگەڵ بابەتی دیکەی وەك فراوانکردنی ئەو هاوپەیمانییە مشتومڕیان لەسەرە. بێگومان لە کاتێکدا ڕووسیا وەك مۆتەکەیەك لە ئەورووپا ڕاست بووەتەوە، ناکۆکییەکانی ئەندامانی ناتۆ کەمترە لە جاران و ئەگەر، ئەو هاوپەیمانییە بتوانێت یەکانگیرییەکی زیاتر دەستەبەر بکات، بێشك وەك گرنگترین هاوپەیمانیی سەربازی لە جیهان، دەتوانیت کاریگەرییەکی زیاتر لەسەرڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش دابنێت.

ئەگەر سەرانی ناتۆ و تورکیا لەسەر کێشەکانیان بسازێن، ئەوسا تورکیا دەتوانێت پاڵپشتییەکی زیاتربۆ سیاسەتەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەستەبەر بکات. ئەمەش دەتوانێت لەنزیکترین مەودا، بە هەندێك ڕووداوی پەیوەست بە کورد لە ڕۆژئاوا و هەرێمی کوردستان تەرجەمە بێتەوە. بە ئەرگەی زۆر ئەو ئۆپەراسیۆنە چاوەڕوانکراوەی کە تورکیا گوتبووی لە ڕۆژئاوا دەیکات، بەشێکی گرێدراوی ئەو کۆبوونەوەیەی ناتۆ دەبێت. ئەمە بۆ بەشێك لە وڵاتانی ناتۆ کە لەشەڕی دژی داعش وەك هاوپەیمانێکی محەلی تەماشای کورد دەکەن دۆخێکی ئاسان نییە و دیار چۆن دەرچەیەك بۆ خواستی تورکیا و پرسی کوردان دەدۆزنەوە. ئەویش بە تایبەت دوای ئەوەی کە تورکیا لەدوای شەڕی ئۆکراینا و توندبوونەوەی ڕکابەرییەکانی ئێران ـ ئیسرائیل بایەخێکی زیاتری پەیداکردووە.

ڕووداوێکی دیکەی گرنگ، سەردانە چاوەڕوانکراوەکەی جۆ بایدن سەرۆکی ئەمریکایە بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەمەش دوای سەردانێکی سێرگی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی ڕووسیا دێت کە لە ڕۆژانی رابردوودا بۆ ناوچەکە کردبووی. بێجگە لەوە، بایدن بەشداری لە کۆبوونەوەیەکی هاوپەیمانیی چوارقۆڵیی I2U2 دەکات کە ئۆکتۆبەری ساڵی 2021 لە نیوان ئەمریکا- هێندستان، ئیسرائیل- ئیمارات دامەزراوە و لە ئاسایشی خۆراکەوە بگرە هەتا بەرگری گەلێك مژاری هاوبەشیان هەیە. ئەم سەردانە بایەخی ناوچەکە بۆ ئەمریکا لە ململانێی هێزە گەورەکانی وەك چین و ڕووسیا  پیشاندەدات، بەڵام دەتوانێ قەلەمبازێکیش لەو پەیمانە تازەیەی نێوان عەرەب ـ ئیسرائیل دروستبکات کە لە سەردەمی ترەمپەوە کاری لەسەر دەکرێت. ئەگەر وەکوو سەرۆکوەزیرانی ئێسرائیل داوای کردووە، ئەمریکا سەرپەرشتی هاوپەیمانییەکی ئەمنی وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل بکات، ئەمە واتای هاتنی زیاتری چەکی ئەمریکی و لەوانەشە دانانی سیستەمی بەرگری کڵاوەی ئاسنینی ئیسرائیلی لە هەندێك وڵاتی کەنداو بێت. ریاز لە ساڵی 2021دا 8 سیستەمی بەرگری موشەکی پەتریۆتی لە ئەمریکا کڕیوە[2] تا خۆی لەبەرامبەر هێرشە موشەکییەکانی حوسییەکان بپارێزێت، بەڵام هێشتا پێویستی بە زیاترە. لە شەڕی 2021ی ئیسرائیل ـ فەلەستیندا، 4300 موشەك گیراونەتە ئیسرائیل کە680دانەیان لە غەزە کەوتووەتە خوارەوە و، 90%ی باقی موشەکەکانیش بە سیستەمی بەرگری کڵاوەی ئاسنین خراوەنەتە خوارەوە.[3] ئەمەش وایکردووە کە توانای ئەو سیستەمە بۆ بەرنگاربوونەوەی موشەکە کورتمەودا و مامناوەندییەکان دەرکەوێت و دەشێ ئەم بابەتەش بۆ وڵاتانی کەنداو جێی سەرنج بێت کە مەترسی هێرشی موشەکی و درۆنییان لەسەرە.

لەکاتێکدا ئەمریکا لە کێبڕکێیەکی هێزدارییدایە لەگەڵ چین و ڕووسیا و، مۆسکۆش لە ئەورووپا قیت بووەتەوە، کۆبوونەوەی ناتۆ، سەردانەکەی بایدن و کۆبوونەوەی I2U2 لە ئامادەکردنی چەمبەرێکی ئەمنی- سیاسی دەچێت کە لە ئۆقیانوسی ئەتلەتنیکەوە بە دەریای

مەدەیتەرانەدا بەرەو دەریای سوور و خەلیج ـ دەریای عەرەب و ئۆقیانوسی هیندی شۆڕ دەبێتەوە. ئەمە هێشتا هاوپەیمانییەکی تۆکمە و یەکانگیری سەرتاسەری نییە، بەڵام ئەمریکا داشەکەی دەسووڕێنێت. ئەگەر تەماشای ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردووی ئەو ناوچانە بکەیت کـە دەکەونـە لێوارەکـانی ئەتلەنتێـك، مەدەیتەرانە-دەریـای سـوور، دەریـای عـەرەب- ئۆقیانوسـی هینـدی، دیمـەنێکی سـەرەتایی جەمسەربەندییەکە دەردەکەوێت.

> هەر لە ملی باکووری ئەتلەنتیك و لە دەریای مەدیتەرانە و دەریای سپییەوە بگرە، ناکۆکییەکانی وڵاتانی ئەوێ بە بەراورد بە چەند ساڵی ڕابردوو کەمتر بوونەتەوە. لە ناکۆکییەکانی ئەوروپا و ئەمریکا لەسەر خەرجییەکانی ناتۆ هەتا کێشەکانی فەرەنساو تورکیا، تورکیا و یۆنان، تورکیا و میسر و کێشەکانی لیبیا کەمبوونەوەیەك هەیە. پەیوەندییەکانی ئەنکەرە و تەلئەبیب خەریکی گیانێکی تازە دەگرنەوە، سعودیە و تورکیا، تورکیا وئیمارات کەین و بەینی تازەیان پەیدا کردووە و بێشك ئاشتی عەرەب-ئیسرائیلیش قۆناخیکی زیاتری بڕیوە. میسر و ئیمارات و ئوردن و عێراقیش( هەڵبەت مەبەستم حکومەتی ڕەسمی عێراقە) لێك نزیك بوونەتەوە.

هەوڵێك بۆ بەرقەرارکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ سوریا و سەقامگیری زیاتر لە عێراق هەیە، هەر دەڵێی خواستێك هەیە تا بەشێك لەو وڵاتانەی کە دەکەونە چمکی سەرەتایی ئەتلەنتیك- مەدەیتەرانە- دەریای سوور- ئۆقیانوسی هیندی پێکەوە تەباتر بن. هەرچی لەو وڵاتـانەش دوور دەکەوێتـەوە هێـزی ڕکـابەری وەك ئێـران، ڕووسـیا و چیـن هـەن کـە بێشـك ئەوانیـش بـە بـەراورد بـە ساڵـانی ڕابـردوو نزیکبوونەوەی زیاتریان لێك هەیە.

## ڕکابەریی چەك و ئەگەری شەڕ

هێشتا چارەنووسی دانوستاندنە ئەتۆمییەکەی تاران دیار نییە. بەڵام نیگەرانییەکان لەوەی کە ئێران ماوەیەکی کەمتری ماوە بۆ ئەوەی ببێتە هێزێکی ئەتۆمی زیادیان کردووە. ئەمە بێجگە لەوەی کە ئێران بەردەوام توانای موشەکی و درۆنی خۆی پێشخستووە. ئەم بەهێزبوونەوەی ئیران لەڕووی چەکەمەنییەوە ئەگەری شکڵگرتنەوەی هاوپەیمانییە ناوچەییەکانیش زیاتر دەکات. ئەمە بێجگە لەوەی کە ململانێی ئێران و ئیسرائیلی بردۆتە قۆناخێکی تازە کە ماتەوزەی کاریگەری دانانی لەسەر تەواوی ناوچەکە هەیە. میشڵ واڵاس[4] پێیوایە لەنێوان 1816-1965دا کێبڕکێی چەکەمەنی، لە28 ململانیی هێزە گەورەکاندا، 23دانەیانی بۆ شەڕ گۆڕیوە. ئەگەر قسەکەی واڵاس سەبارەت بە نمونەی ئیسرائیل و ئێرانیش هێشتا بە تەواوی نەهاتبێتە دی، ئەوا لانیکەم ئەو کێبڕکێی چەکەمەنییەی بەینی ئێران و ئیسرائیل، خەریکە دوو شت دەگۆڕێت: یەکیان ئاستی گرژییەکانی هەردوولایە و ئەوی دیکەشیان هاوپەیمانییەکانە!

ئەگەری وەرگۆڕانی "ڕکابەرییە پایەدارەکەی" هەردوولا بۆ شەڕ، یان تەشەنەکردنی زیاتری شەڕی سێبەری نێوانیان -کە لانیکەم تاوەکو ئێستا، پریشکی ئاگرەکەی لە هەولێرەوە بگرە هەتا ئیستەنبول، گەلی شوێنی جیای گرتووەتەوە- لە ئارادایە! لە ساڵی 2007وە تاوەکو ئێستا لانیکەم 8 کەسایەتی گرنگی بەرنامەی ئەتۆمی و سوپای پاسدارانی ئێران لەناو خاکی ئەو وڵاتە کراونەتە ئامانج، کە دوایین دانەیان ئەفسەریکی باڵای سوپای پاسداران بوو بە ناوی حەسەن سەیاد خودایی. لەو چەند مانگەی ڕابردوودا زیاتر لە 6 کەسی سوپایی لە نیو ئێران کوژراون. ئەمە بێجگە لەوەی کە چەندین جار بنکە و بارەگا ئەتۆمییەکانی وەك پارچین یان ناوەندی درۆنی، کراونەتە ئامانج و ئێرانیش چەندجارێك ڕایگەیاندووە کە لە هەرێمی کوردستان "بارەگای ئیسرائیلی" کردۆتە ئامانج! هەڵبەت هەرێمی کوردستان ئەوەی ڕەتکردۆتەوەو حکومەتی عێراقیش بەو قسانەی ئێران قایل نەبووە. بڕیاربوو لەم مانگەدا وەزیری دەرەوەی ئێران سەردانی تورکیا بکات بەڵام ئەوە کتوپڕهەڵوەشێندرایەوەو دوابەدوای ئەوەش، ڕاگەیێندراوێکی ئیسرائیل هات کە تێیدا سوپاسی دەزگای هەواڵگری تورکیای کردبوو کە پلانێکی هێرشی بۆسەرهاوڵاتیانی ئیسرائیلی لە ئیستانبوڵ پووچەڵ کردۆتەوە.

چی ڕوودەدات؟ ئایا تورکیا خەریکە خۆی یەکلا دەکاتەوە؟ دەبێ چاوەڕی بین بۆ ڕۆژانی داهاتوو بەڵام ئەوەش گرنگە بزانین، کە یەکێك لەو ئەرگیومێنتانەی هەندێك لە شارەزایانی تورکیا بۆ ڕەوایی پێدان بە دەستوەردانی زیاتر لە سووریا دەیدەنە پێش،[5] بێجگە لە پەکەکە ئەوەیە کە دوای شەڕی ئۆکراینا و کشانەوەی ڕووسیا لە هەندێك ناوچەی ڕۆژئاوای فرات لە سوریا، بەرە بەرە ئێران و هاوپەیمانەکانی ئەو شوینانەیان پڕکردۆتەوە." حیزبوڵڵا لە ڕۆژهەڵاتی حمس و پالمیرا، کەتائیبی ئەبولفەزلی عەباس لە ڕۆژئاوای فرات و مەیادین، فاتمیونیش ئامادەیی خۆیان لە باشووری ڕەقە و حەلەب زیاتر کردووە." لە سەرەتاکانی ئەم مانگەشەدا، مەولود چاوشئوغڵو لە سەردانەکەیدا بۆ ئیسرائیل گوتبووی، ئەگەری زیادبوونی نفوزی ئیران لە سوریا هەڕەشەیە بۆ هەردوو وڵات( ئیسرائیل).[6] کاتێ ئەمانەش لە پێشچاو دەگرین ئەوسا ئاسانتر دەتوانین لەوە تێبگەین کە بۆچی هەندێك لە میدیاکانی نزیك لە کاربەدەستانی ئێران، لەم ڕۆژانەی دواییدا تورکیا

بە خەنجەرلێدانی پشتەوە لە ئێران تۆمەتبار دەکەن[7] و، بەشیك لە گرووپە شیعییەکانیش لە عێراق هاوشێوەی کۆبوونەوەکەی پەرلەمان لە دژی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە 2020، داوای کۆبوونەوەیەك سەبارەت بە هێرشەکانی تورکیا دەکەن و تۆنی رەخنەکانیان لە ئەنکەرە بەرزتر کردۆتەوە!

## کۆتایی

دەنگی پێی گۆڕانکارییەك دێت. هاوپەیمانییەکان خەریکە سەر لە نوێ شکڵ دەگرنەوە. وڵاتان لە رکابەرییەکی گرنگی چەکەمەنیدان و ئەو دوو فاکتەرەش پێکەوە، ئەگەر رێگا بۆ شەڕیش خۆش نەکەن، ئەوا لانیکەم لە ماوەی کورتخایەندا هەتا ئەو کاتەی باڵانسێکی هێز دادەمەزرێت، رێگا بۆ ئاڵۆزی و گرژییەکی زیاتر دەکەنەوە. ئەمە کاریگەری لەسەر عێراق، پێگەی هەرێمی کوردستان و رۆژئاوای کوردستانیش دادەنێت.

بە ئەگەری زۆر، ناسەقامگیری سیاسی لە عێراق بەردەوام دەبێت. لە لایەك خواست بۆ سازش و لەلایەك گوشاری ئێران و گرووپە شیعییەکان لەسەر هەرێمی کوردستان زیاتر دەبن. بێشك هەم لە عیراق و هەم لە ئاستی ناوچەکەش پێویستی ئێران و گرووپە شیعییەکان بە هەولێر زیاترە لە جاران. وەك چۆن ئەو بایەخە تورکیا و وڵاتانی دیکەش زیاتر دەبێت. بۆیە یان دەبێ رێگایەکی سازشی لەگەڵ بدۆزنەوە یان گوشاری زیاتری دەخەنە سەر.

لەوانەیە ئۆپەراسیۆنی چاوەڕوانکراوی تورکیاش لە رۆژئاوا، گرێدراوی کۆبوونەوەی ناتۆ و پەیوەندییەکانی ئەنکەرە- ئیسرائیل و بەجۆرێکی دیکەش پەیوەندییەکانی ئەنکەرە لەگەڵ خەلیج بێت. وادیارە نەك تەنیا هاوینێکی گەرم بەڵکوو رۆژەڤێکی گەرمیشمان لە پێش دەبێت.


[1] -https://www.nato.int/cps/en/natohq/news_196144.htm

[2] _ https://www.sipri.org/sites/default/files/2022-06/yb22_summary_en_v2.pdf

[3] -https://www.bbc.com/news/world-middle-east-57404516

[4] _ Michael D. Wallace, Arms Races and Escalation: Some New Evidence The Journal of Conflict Resolution

Vol. 23, No. 1 (Mar., 1979), pp. 3-16

[5] -https://fikirturu.com/jeo-strateji/suriyeye-olasi-operasyon-bolgede-yeni-dengeler-abd-rusya-iran-pyd-neyin-pesinde/

[6] -https://www.aa.com.tr/tr/analiz/turkiye-israil-normallesmesinde-yeni-asama-cavusoglu-nun-ziyareti/2603746

[7] _
http://www.irdiplomacy.ir/fa/news/2012645/%DA%86%D8%B1%D8%A7-%D8%A7%D8%B1%D8%AF%D9%88%D8%BA%D8%A7%D9%86-%D8%B1%DB%8C%D8%A7%D8%B6-%D9%88-%D8%AA%D9%84-%D8%A2%D9%88%DB%8C%D9%88-%D8%B1%D8%A7-%D8%A8%D9%87-%D8%AA%D9%87%D8%B1%D8%A7%D9%86-%D8%AA%D8%B1%D8%AC%DB%8C%D8%AD-%D8%AF%D8%A7%D8%AF-